ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە : پێویستە دەنگدانی تایبەت بە کۆشک بەڕێوەدەچێت



ئەمڕۆ یەکشەممە لیوا بەختیار محەممەد، ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە باسی لێوەکرد، پێویستە دەنگدانی تایبەت بە کۆشک بەڕێوەدەچێت و باشترین هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و کۆمیسیۆن هەیە.

ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ووتی: باشترین هەماهەنگیمان لەگەڵ کۆمیسیۆن هەیە و تا ئێستا پێویستە بەشێوەیەکی زۆرباش بەڕێوەدەچێت، چونکە پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکان پابەندی تەواویان هەیە.

بەپێی ئاماری فەرمی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ئەمڕۆ لە دەنگدانی تایبەتدا زیاتر لە 145 هەزار پێشمەرگە و زیاتر لە 124 هەزار کارمەندی وەزارەتی ناوخۆش لە هەرێمی کوردستان دەنگ دەدەن.